روداوێك لەی سوید هەستی موسڵمانان بریندار دەكات



وێنەیەك لە قورئانی پیرۆز بە زنجیرەكەوە كە ئاسەواری شەش گوللەی پێوەبو، بەسیاجی مزگەوتی گەورەی ستۆكهۆڵمی پایتەختی سوید هەڵواسرا، ئەمەش نیگەرانی موسڵمانانی لێكەوتەوە.

ئیدارەی مزگەوتەكە لەپەیامێكدا ئەو كارەی سەركۆنە كرد و بە "هێرشێكی نەژادپەرستی نەفرەتلێكراو لە چوارچێوەی زنجیرەیەك هێرشی ئیسلامۆفۆبیا وەسفیكرد كە لە سویددا پەرەی سەندوە"

مەحمود حلفی بەرپرسی مزگەوتەكە پشتڕاستیكردەوە، پۆلیسی سوید لێكۆڵینەوەی دەستبەجێی بە ڕوداوەكە كردتەوە و رایگەیاند، ئەم جۆرە كارانە، كاردانەوەی توندیان لەناو كۆمەڵگەی موسڵمانان لێدەكەوێتەوە و هەنگدانەوەی پەرەسەندنی ڕق و كینە لە موسڵمانان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەكات.

ئیدارەی مزگەوتە وێنەی قورئانی پیرۆزی هاوپێچ كردوە لەگەڵ یاداشتكدا كە دەستەواژەی

"کاتی گەڵانەوەیە بۆ ماڵەوە"ی لەسەر بو، ئەمەش سروشتی ڕەگەزپەرستانەی ڕوداوەکە بەهێزتر کرد.

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سوید ڕوداوەکەیان بە پەیامێکی هاندان زانی کە موسڵمانان دەکاتە ئامانج، لەوانە سوکایەتیکردنێکی ڕاستەوخۆ بە پیرۆزییەکی ئایینی، لەگەڵ ئاماژەدان بە بەکارهێنانی توندوتیژی، هەوڵدان بۆ بڕاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن، هەروەها ناوەڕۆکێك کە وەك بانگەوازێکی ڕەگەزپەرستانە تێگەیشتوە بۆ دورخستنەوەی موسڵمانان لە کۆمەڵگەی سوید.